هۆسرێل
و
هایدگەر



# هۆسرێل و هایدگەر

## نهێنی پەیوەندییەکانیان

ڕەشید بوتەیب
لەعەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەمە



کتێبی (دیاردە ناسی) (فینۆمینۆلۆژیا)ی (رناتۆ کریستین) گرنگیەکی گەورەی هەیە لەسیاقی ئەو جەدەلەی دەربارەی ئەو پەیوەندییە فەلسەفی و کەسێتیەی کە (هایدگەر)ی بەستوەتەوە بە (هۆسرێل)ەوە.

کتێبەکە بە گێرانەوەیەك دەستپێدەکات کە وردو درشتی ئەو پەیوەندییەی تیادایە، هەروەها وتارەکەی (ئەدمۆند هۆسرێل)یشی تیادایە کە دەربارەی (فینۆمینۆلۆژیا) یەو تێبینیەکانی (هایدگەر)ی لەسەرەو بەتایبەت بۆ مەوسوعەی بەریتانی ئامادەکردوە.

هەروەها ئەو نامانەی (هۆسرێل) و(هایدگەر)یشی تیادایە کە پێشتر بڵاونەکراونەتەوەو سروشتی تێگەشتن و لێکتێنەگەشتنی نێوان هەردوو قوتبەکەی فەلسەفەی تیادا بەوردی خراوەتە روو، بەڵام جیاوازییەکانی ئەم دووانە سەرەرای هەموو ئەو تەفسیراتەی کە بۆی کراوە و بەتایبەتیش تەفسیرە سیاسیەکان، لە بنەرەتدا جیاوازی فەلسەفین.

ئەم جیاوازییە لەوانەیە لەگەڵ کتێبەکەی هایدگەردا سەریهەلدابێت ، کە ناوی (گرفتە بنەرەتیەکانی دیاردەناسی)یە، لەم کتێبەدا (هایدگەر) شرۆڤەکەی هۆسرێل دەخاتە روو، شرۆڤەکەش هۆسرێل بەناوی (کورتکردنەوەی دیاردەناسی) ناویدەبات، کەواتە ئەگەر (کورتکردنەوەی دیاردەناسی) بە تێروانینە دیاردەناسییەکەی گواستنەوەبێت لە هەڵوێستێکی سروشتیەوە بۆ هەڵوێستێکی هوشیاری گەردونی بەپێی تێگەشتنی هۆسرێل، بەڵام (هایدگەر) وەها لێی لێیتێدەگات گواستنەوە بێت لەپرۆسەی تێگەشتنی (مەوجود)ەوە بۆ تێگەشتنی بوونی ئەم (مەوجود)ە.

هۆسرێل لە بیستەکانی سەدەی رابوردودا هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کە (فینۆمینۆلۆژیا بریتییە لە من و هایدگەر)، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەو دوانە هەرگیز پێکەوە نەیانخوێندوە، تەنانەت لەساڵی 1916شدا پێکگەشتن، ئەو کاتەی کە هایدگەر دەستی بەوانە وتنەوەکرد لەزانکۆ، کاتێکیش هۆسرێل ساڵی 1928 زانکۆی بەجێهێشت هایدگەری کرد بەجێنشینی خۆی، ئەوەشی بۆ دوپاتکردەوە بۆ پاراستنی هیوایەکی زۆری پێی هەیە ، تەنانەت زۆر زیاتر لەوەش گەشەپێدانی مەنهەجی فینۆمینۆلۆژییە.

هەرگیز هۆسرێل سەرسامی خۆی بە کەسایەتی و سەرکەوتویی لەکارەکانی و هێزو بلیمەتی هایدگەر نەشاردوەتەوە، بەڵام هایدگەر لەنامەکانیدا زۆر بەکەمی دانی بەوەدا ناوە، کە شت لەهۆسرێلەوە فێربووە و قەرزاربای ئەوە، کەواتە هۆکاری ئەو دابرانە چیە لەنێوان ئەو دوو فەیلەسوفەدا.

ئەمەش لەساڵی 1927دا دەستی پێکرد ئەو کاتەی هۆسرێل لەسەر داواکاری (جەیمس گارفین) وتاری (فینۆمینۆلۆژیا)ی بۆ مەوسوعەی بەریتانی نووسی، هەر لەسەرەتاوە (هۆسرێل) دەیویست (هایدگەر) بەشداریپێبکات لەنووسینی ئەم وتارەدا، کە لەئۆکتۆبەری 1927دا دەستی بەنووسینی کرد و تاکو ئازاری 1928ی خایاند.

هۆسرێل ئەو کات دەستیکردبوو بە خوێندنەوەی کتێبەکەی هایدگەر ( بوون و زەمان)، سەرەرای ئەوەی ئەو گومانی لە(فینۆمینۆلۆژیانەی) ئەم کتێبە هەبوو، بەڵام نەیدەویست دانبەوەدا بنێت، کە هایدگەر رێگایەکی دیکەی تازەی دوور لە (هوشیاری گەردوونی) بۆ خۆی کردوەتەوە.

سەرەتای ( ئاب) هۆسرێل وتارەکەی خستە بەردەستی هایدگەر بۆ ئەوەی هایدگەر تێبینییەکانی خۆی لەسەر بنوسێ ، بەڵام ئەو نامەیەکی بۆ هۆسرێل نووسی و تیایدا رەخنەکانی خۆی دەربارەی ناوەڕۆکی وتارەکە دەخاتە روو، بەڵام هۆسرێل ئەم رەخنانەی

هۆسرێل لە بیستەکانی سەدەی رابوردودا هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کە (فینۆمینۆلۆژیا بریتییە لە من و هایدگەر)، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەو دوانە هەرگیز پێکەوە نەیانخوێندوە

قبوڵ نەکرد و بۆ جاری سێهەم وتارەکەی نووسیەوە،و جەخت لەهاوکاری ئەم دوو فەیلەسوفە دەکاتەوە دەربارەی ئەم وتارە.

بەئاشکرایی، جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان دیاردەناسی گەردونی هۆسرێل و ئەنتۆلۆژیای هێرمینۆنتیکی هایدگەر، چ دەربارەی تێگەشتنی خود، یاخود تێگەشتنی جیهان، یان گەردون یان کورتکردنەوەی دیاردەناسی.

بەنیسبەت هۆسرێلەوە بەدڵنیاییەوە دیاردەناسی دەگاتە (ئەنتۆلۆژیای گشتی)، چونکە لەبنەرەتێکی گەردونییەوە هاتووە، لەکاتێکدا هایدگەر پێیوایە ئەم چەمکانە میتافیزیکن.

لە8ی نیسانی ساڵی 1926 هایدگەر کتێبەکەی خۆی (بوون و زەمان)

دەنێرێت بۆ هۆسرێل و بەبۆنەی 67ی ساڵەی تەمەنییەوە پێشکەشی دەکات.لەهەمان ساڵدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی کتێبەکەی داوەتی هۆسرێلی کرد، ئەویش چەندین جار کتێبەکەی خوێندەوەو سەرنج و تێبینیەکانی خۆی لەسەر نووسی کە قوڵی ئەو جیاوازییانە دەردەخات لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفەدا هەیە.

هۆسرێل بەگرنگیەوە دەستیکرد بەخوێندنەوەی کتێبەکە، بەڵام توشی چەندین ئاستەنگ هات بەهۆی ئاڵۆزی نووسینەکەوە، بەتایبەت بەهۆی شێوازی نووسین و بیرکردنەوەکانی ناوییەوە، هەربۆیە داوای هاوکاری لەهایدگەر دەکات بۆ تێگەشتن لەکتێبەکە.

سەرەرای ئەو ساردییەی کە لەپەیوەندی نێوان ئەم دوو فەیلەسوفەدا هەبوو، بەهۆی پەیوەندیکردنی هایدگەر بەو ئیشتراکیەتی نەتەوایەتیەوە کە بونە هۆی دەرکردنی هۆسرێل لەزانکۆ بەهۆی جولەکەبونیەوە،



بەڵام هایدگەر لەلای خۆیەوە ئەوە دوپاتدەکاتەوە کە بینینی هۆسرێل وەهای لێکرد پرسیاری بوون بکات، هەرچەندە فەلسەفەکەی لەسەرەتاوە لەدەرەوەی فەلسەفەی هوشیاری گەردونییەوە بوو وەك ئەوەی هۆسرێل گەشەی پێدا، لەنامەیەکیدا بۆ هۆسرێل بەبۆنەی 70ساڵەی تەمەنیەوە دەنووسێت" بەمجۆرە، ئەو کارانەی کە بۆتی دەنێرم، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێمە هەوڵمانداو کەوتوینەتە شوێن پێی تۆ، بەڵام ئەمەش بەڵگە نییە بۆ سەرکەوتنمان لەبەدیهێنانی ئەو ئەرکەدا". هەر لەو نامەیەدا دان بەوەدا دەنێت کە فینۆمینۆلۆژیاکەی هۆسرێل ئاسۆیەکی تازەی لەفەلسەفەدا کردوەتەوە و هەرلێرەشدایە گرنگی ئەمە دەردەکەوێت نەوەك لەوەڵامدانەوەی ئەم بابەتە یان ئەو بابەتدا.

**سەرچاوە:**

– سایتی (الحیاة)



گۆڤارێکی فکرییە، دەزگای والا دوو مانگ جارێك دەریدەکات